# وێنەیەکی بابەتیانەی کۆنگرەی پێنجی زەحمەتکێشان

هاوکار زیرەك

لەپاشی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە، هێرشێکی ناڕەوای بەئامانج دەکرێتە سەر حزب و دەیانەوێت گومان بخەنە سەر کۆنگرە، ئەو کۆنگرەی کە ئەگەر زەحمەتکێشان بیتوانیبا بە جددی ئیشی لەسەر بکات، دەبووە دەستکەوتێکی گەورەی کاری سیاسیی کوردستانیی و سەرەتایەکی تەندروستیش دەبوو بۆ حزبایەتیەکی تەندروست، کە حزبی زەحمەتکێشان کردبوویە دروشمی سەرەکی کۆنگرەکەی. بەڵام بەداخەوە هەم زەحمەتکێشان خۆی ئەو لایەنەی فەرامۆشکردو نەیتوانی وێنەی راستەقینەی کۆنگرەکە نیشانی رای گشتی بدات، هەمیش ژمارەیەك کادری بێ ئەزمون، کە لەکۆبونەوەکان قرو قەپ لێی دادەنیشن و لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت خۆیان دەکەن بەشێر، دەیانەوێت وێنەی کۆنگرەکە ناشرینبکەن و دەستیی چەوری خۆیان لەسەری خەڵکیی تر وەربدەن.

هەر لە کۆنگرەی پێنجەوە نییە کادری خەمساردو موچەخۆری تەمەڵ دەیانەوێت هەژموونی گۆڕانی زەحمەتکێشانو هەنگاوەکانی کرانەوە رابگرن، بەڵکو پێشتریش هەرچی هەوڵێك بە ئاراستەی گۆڕان و نوێبوونەوەی ئەو حزبە درابێت، هەندێك نەك هەر بەربەست بوون، بەڵکو سەنگەری ناشەرعیانەی دژایەتی و بەکارهێنانی رێگای نادیموکراسییان کردۆتە ئامانج بۆ شکستپێهێنانی هەموو هەنگاوێکی گۆڕان و گەشەکردن، ئامانجیان بووە زەحمەتکێشان لەو قاوغەی خۆییدا بمێنێتەوە. ئێستاش پاش ئەوەی زەحمەتکێشان لە کۆنگرەی پێنجەمدا، هەندێك حاڵەتی بچوکی لادان، دەردەکەوێت، خەڵکێك دێت و دەهۆڵی بۆ لێدەداو دەیەوێت گەورەی بکات.

کاتێك ئەو وتارە دەنوسم دڵنیام روبەڕووی رەخنە دەبمەوە، بەڵام زەحمەتکێشان بای ئەوەندە دیموکراسیەتەی تێدایە، کادرو هاورێیانی بە ئازادانە بیربکەنەوەو بە ئازادانە بنوسن و بە ئازادانەش رەخنە لە سیاسەتی حزب بگرن، بێ ئەوەی ئەو مەسەلەیە ببێتە گرێی دەرونی سەرکردایەتی و کێشە دروست ببێت، هەر بۆیە هەر رەخنەیەك بەلای منەوە ئاساییەو وەك جۆرێك لە دیدێکی جیاواز بۆ مەسەلەکانی ناوخۆی حزب لێکی دەدەمەوە، من دڵنیام سیاسەتیش وەك هەموو شتێکی تر، حەقیقەت لای کەسێك کۆنابێتەوە و دەشێت راستی لەلای هەموومان هەبێت، کۆی رای هەمووشمان دەشێت حەقیقەتی رەهای لێ پێك بێت، بەڵام بەداخەوە، ئەوانەی

لە سایتەکانەوە، بەناوی خوازراوو بەزمانی ئاگر شت دەنوسن، نە حەقیقەتیان لایەو نە جورئەتی ئەوەش بە ئازایانە رەخنە لەکەس بگرن.

کۆنگرەی پێنج، کۆنگرەیەکی نمونەیی

چ لە بەلگەنامەکانی کۆنگرە ( راپۆری سیاسی، بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ)، چ لە لیژنەکان و گفتوگۆی ئازادانەی ناو کۆنگرە، چ لە گفتوگۆی ئازادانەو پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆی کادران بۆ لێکۆڵینەوە لە بودجەی چوار ساڵی حزب، تەنانەت بۆ پرۆسەی دیاریکردنی سەرکردایەتیش، کۆنگرەی پێنج، کۆنگرەیەکی نمونەیی بوو. چۆن؟ بەکام پێوەر دەشێت پێوانەی سەرکەوتن و شکستی کۆنگرە بکەین؟.

١- بەلگەنامەکانی راپۆری سیاسی و بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حزب، چ لە رووی ناوەڕۆك، کە پەنجەی خستۆتە سەر زۆربەی مەسەلە گرنگەکان و هەڵوێستی روون و ئاشکرای حزبی دەربارەیان دەربڕیووە، چ لەرووی ئەو گفتوگۆ ئازادانەش کە دەربارەی هەڵوێستی حزب کراون لە ئاستێکی نمونەییدا بوون، لە دەرەنجامی ئەو گفتوگۆیانەش بەشێکی گرنگ و دیاری ئەو دوو بەلگەنامەیە گۆڕاون و بە کۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسەند کراون. بۆیە من پێم وایە دەکرێت ئەمە وەك پێوەرێکی گرنگی هەڵسەنگاندنی کۆنگرە تەماشای بکرێت و کاتێکیش تەقیمیی ئەو کۆنگرەیە دەکرێت، ئەم مەسەلە لەبەرچاو بگیرێت و وەك خۆی و بابەتیانە لێك بدرێتەوە، بوونی کاك قادر عەزیزیش لە لیژنەکە، نە بۆ سەرکوتکردنی کادر بووەو نە بۆ سەپاندنی رای مەکتەبی سیاسی، بەڵکو بۆ بەڕێوەبردنێکی گونجاوی کارەکانی کۆنگرە بووە، هەر کەسێکیش پێی وابێت توانای گفتوگۆکردنی رای خۆی نەبووبێ، نیشانەی لاوازی خۆیەتی، چونکە خاوەن ڕا، هیچ کاتێك بەربەست و هێز لەبەردەمی خۆیدا نابینێتەوە. چەندین هاوڕێش هەبووە رای خۆیان بوێرانە دەربڕیووە، بێ ئەوەی کەس بتوانێ بێدەنگیان بکات. هەر بۆیە دەبێت رای گشتی کوردستانیی ئەو وێنەیەی پێ بگات، کە کۆنگرەی پێنجەمی زەحمەتکێشان، لە رووی بەلگەنامەو گفتوگۆی بەلگەنامەکانەوە ئەگەر لەپێش کۆنگرەی هەموو حزبەکانەوە نەبوبێت، ئەوا لەخوار کەسەوە نەبووە، ئیتر تێناگەم ، بۆ ئەم مەسەلە لەبەرچاو ناگیرێت.

٢- دیاردەیەکی تری کۆنگرەی پێنج، کەنەك هەر لە کۆنگرەی هیچ حزبێکی کوردستانییدا نەبووە، بەڵکو لە کۆنگرەی هیچ حزبێکی ناوچەکەش نییە، ئەویش مامەڵەکردنی شەفافانەی حزبە لەگەڵ بودجەو دارایی زەحمەتکێشان لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا، کە بەداخەوە

زەحمەتکێشان خۆشیی لەوەدا کەمتەرخەمەو نەیتوانی ئەو ئەزمونە گرنگە تەوزیف بکات و بۆ خەڵکی کوردستانی رونبکاتەوە، کە حزبێك شەفافانەو بێ ترس و دوو دڵی بودجەی چوار ساڵی خۆی دەخاتە بەردەم کۆنگرەوە...... یەك لەو بڕگە گرنگانە، بڕگەی گفتوگۆ بوو لەسەر بوودجەی حزب، لیژنەیەکی بێلایەن، کە خەڵکی پسپۆڕی بێلایەنیشی تێدابووە، بۆ ماوەی دوو رۆژو بە پێداچوونەوەی کۆی بەڵگەنامەکان مەسەلەی بودجەی خستە گفتوگۆوەو یەك بەیەکی ئەبوابەکانی سەرف بۆ ئەندامانی کۆنگرە روونکردۆتەوە، جگە لەوەش راپۆرتێکی ئامادەکردووەو لیژنەو کۆنگرەش شایەدە کە چەندە بە بایەخەوە ئەندامانی کۆنگرە گفتوگۆیان لەسەر بودجە کردووەو رەخنەو پێشنیاریشیان هەبووە، ئیدی نازانم کۆنگرەیەك سەرکردایەتی حزبەکە، بودجەی چوارساڵی خۆی بخاتە بەردەمی کۆنگرە، بۆ لە پێش کۆنگرەی خەڵکی ترەوە نییە.

٣- یەك لە مەسەلەکانی تری ناو کۆنگرەی پێنج، دەرکەوتنی نەوەیەکی تازە بووە، کە کورد گوتەنی بەنەغمەیەکی جیاوازتر دەیانەوێت سیاسەت بکەن، بێ ئەوەی ئەو نەوەیە سوکایەتی بە نەوەی کۆن و بڕبڕەی پشتی حزبەکە کردبێت. بە رونتر لە کۆنگرەی پێنجدا، رکابەری و ململانێیەکی شەریفانە لە نێوان نەوەی تازەو نەوەی کۆندا هەبووە، ئەو رکابەریە ( هەرچەندە لادان و هەڵپەشی تێکەوتبێت) نیشانەی بچوکی نەوەی کۆن و بێ پرۆژەی نەوەی نوێ نەبووە، بەڵکو نیشانەی گەورەیی هەردووکیانە، نەوەی کۆنی زەحمەتکێشان (بەشێکی زۆریان) دەتوانن لەگەڵ نەوەیەك رکابەر بن، کە ئاساییە بیریان لەوان فراوانتر بێ‌و سیاسەت بەجۆرێکی دیکە تەماشا بکەن، هەروەك بۆ نەوەی نوێش هەر شانازییە، کە دەتوانن رکابەری نەوەیەك بن، کە لەسەر پشتی ئەوان و بەشان وباڵی ئەوان، بە ماندویەتی ئەوان حزب‌و بزوتنەوەی سیاسی ئێمە گەیشتۆتە ئێرە، من ئاوا تەماشای ئەو مەسەلەیە دەکەم و دەشێت خەڵکی تریش بەجۆرێکی تر تەماشای ئەو رکابەرییە بکات، هەڵبەت من لەگەڵ بچوککردنەوەی کەسدا نییم، هەر بۆیەش هەر کەسێك بیەوێت ئەو مەسەلەیە بە جۆرێکی تر لێکبداتەوە، بە باوەڕی من باوەڕی بە رکابەری و جیاوازی نێوان نەوەکان نییە. ئەوەشمان بیر نەچێت، هەمیشە دەرکەوتنی ئەو نەوە تازەیە، دەبێت بۆ نەوەی کۆنی زەحمەتکێشان، بۆ سەرکردایەتیەکەی جێگەی شانازی بێت، چونکە ئەوانەی لەناو ئەو نەوە نوێیە دەرکەوتن، ئیستیرادی حزبی ترو کەسی نامۆ نەبوو، هەموویان منداڵە بچوکەکانی ئەو حزبە بوون، کە لە قوتابخانەی زەحمەتکێشانەوە گەورەبوون و لەپێشمەرگایەتی و رابوونی خوێندکارانەوە دەرکەوتوون، ئەگەریش هەڵەیەك رویدابێت، رۆحی

ئەو ركابەریەی ناشرین نەکردووە، بێگومان ئەوەی کاربکات، هەڵە دەکات و نەوەی نوێش بە حوکمی سروشتی تەمەنەوە دەشێت، لە هەندێك رەفتاردا لەخەڵکی تر توندتر بێت..... هەربۆیە بە بۆچوونی من ئەوە لایەنێکی دەوڵەمەندو گرنگی کۆنگرەیەکەو نەمانتوانی بەجددی کاری لەسەر بکەین، چونکە ئەو حزبانەی بانگەشەی بۆ دەکەن کاری پێناکەن و زەمینەی دەرکەوتنی ئەو نەوەیە نییە، ئێمە کە زەمینەمان هەیە باسی ناکەین و شانازی پێوە ناکەین.

٤-دوا وێستگەی کۆنگرەکە هەڵبژاردنە بۆ سەرکردایەتی، ئا لێرەوەیە دیدی من لەگەڵ دیدی بەشێك لە هاوڕێیانم لە حزب لەیەکتر جیادەکرێتەوە، بە بۆچوونی من ناکرێت ئیجابیاتی ئەو کۆنگرە سەرکەوتووە، بکرێتە قوربانی چەند حاڵەتێکی سلبی بچوك و کۆنگرەکەی پێ ناشرین بکرێت، چونکە کۆنگرەکە موڵکی هەموو ئەندامانی کۆنگرەیە، بەوانەشەوە کە خۆیان بە خاوەنی نازانن و لە رێگەی سایتەکانی ئینتەرنێتەوە وێنەیەکی ناشرین بەرامبەر حزب و کۆنگرەکەی دەردەخەن.

ئەو لایەنە ئیجابیانەی کە کە لە دوا وێستگەی کۆنگرەدا دەرکەوتن.

دەرنەچوونەوەی دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی و بە ئاسانی قبوڵکردنی ئەنجامەکانی و وەرگرتنی ئەو ئەنجامانە بە رۆحێکی زۆر دیموکراسیی و هاوچەرخەوە ( هاوڕێ فازڵ حەسەن و هاوڕێ عەدنان عەزیز) دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان بوون و بە ئاسایی و بەرۆحێکی گەورەوە ئەنجامەکانی کۆنگرەیان قبوڵکردووەو ئێستا نەك هەر خۆیان بە پەراوێز نازانن، بەڵکو بەحەماسەتی زیاتر لە جاران کار دەکەن، هاوڕێ فەتاح زاخۆیی —وەزیری رۆشنبیری پێشوو، مامۆستا نەسروڵڵا ئەندامی پەرلەمانی عێراقی پێشوو، کە دوو سەرکردەی گرنگی زەحمەتکێشانن و لە کۆنگرەش دەرنەچوون، بەڵام بە هەمان رۆحی دیموکراسییەوە ئەنجامەکانیان قبوڵبووە، ئەم پێوانە بۆ نەوە تازەکەش هەر راستە، (رێبوار سابیر، نیاز حەسەن، ئامانج عەلی، ئاسۆس عەلی) و هاوڕێیانی تریش، ئایا بەڕاستی ئەوە دیاردەیەکی ئیجابی و جوان نییە؟ ئایا کام حزبی تر، لە دەرکەوتنی ئەو رۆحە دیموکراسییەی قبوڵکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە پێش زەحمەتکێشانەوەیە، بەتایبەت بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی؟ باوەڕ ناکەم، کەسێك هەبێت، ئەم رۆحی پەسەندکردنی ئەنجامە بەگەورە سەیر نەکات؟. تەواوی ئەو ناوانەی خۆیان بۆ سەرکردایەتی

پاڵاوت، لای من و هاوڕێیانی تریش شایستەی سەرکردایەتی بوون و بەڵام لەنێو بیست و چوار هاوڕێ سەرەنجام تۆ پێویستت بە دە کەسە.
ئەگەر هەندێك حاڵەتیش لە کۆنگرەکە هەبوبێت، ئەوا بە پلەیەك لە پلەکان پەیوەندی بە کەمبوونەوەی ڕێژەی پێویستی سەرکردایەتییەوە هەبووەو هەمووشمان ئەوە دەزانین، بەرستکبوونەوەی بازنەی ململانێیەو ئەم کۆنگرە بڕیاردرا، کە تەنها دە هاوڕێ بۆ سەرکردایەتی لە کۆنگرەوە هەڵبژێردرێن، ئەمەش بازنەکەی بەرتەسك کردەوەو رکابەری فراوانترکرد.
ئێستاش و پاش ئەوەش کە کۆنگرەی پێنج کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا، بەداخەوە چەند وتارێکم بینی، بەشێك لەو وتارانەش جگە لەوەی رەنگدانەوەی حیقد وکەراهیەتێکی بێ سنوری خەڵکێکە، لە هەمان کاتیشدا هەڵگری کۆمەڵێك مەسەلەی نامەوزوعیی و نا بابەتییە. چونکە کۆنگرەیەك لەو ئاستەدا بووبێت، ناکرێت خەڵکێك بەسلبی بیخوێنێتەوە..... لەگەڵ ئەوەشدا چ حزب و سەرکردایەتیەکەی، چ کادرو هاوڕێیانی خوارەوەش کەمتەرخەمبوون لەوەی تەوزیفی لایەنە ئیجابیەکانی ئەو کۆنگرەیە بکەنو بۆ رای گشتی کوردستانیی رونبکەنەوە، کە کۆنگرەکەی زەحمەتکێشان وێنەی نەبووە. ئەوانەشی کە دەیانەوێت مەسەلەی دروستکردنی لیژنەو لێکۆڵینەوە، وەك خەوشێك تەماشا بکەن، چ لە ئاژاوە ئامانجێکی تریان نییە، چونکە بە هاوڕێیانی تۆمەتباریشەوە، هەموو حزب لەگەڵ بوونی یاسا و گەڕانەوەی حزبایەتی تەندروستدایە، ئیدی ئەگەر بوونی یاسا بە زەرەری هەرکەسێکیش تەواو بێت، هەر بڕیارێکیش دەربچێت، ئەوەندەی مەسەلەیەکی ناوخۆی حزبە، ئەوەند ماددەو کاڵای راگەیاندن و هاشوهوش نییە، بڕیاری تەندروستیش سەرەنجام دەردەکەوێت، بوونی یاساش، لە نەبوونی باشترەو هەرچەندە یاساکەش بەدڵمان نەبێت، کۆنگرەی زەحمەتکێشانیش بە قسەی کەسو بە وتاری هیچ کەسێك بچوك نابێتەوە، مەگەر ئەو مشخۆرانە بیانەوێت تێکی بدەن، کە لە کۆبوونەوەکان دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووەو لەسەر سایتەکانی ئینتەرنێتیش دەبنە پاڵەوان. هیوام وایە لاپشی ئەو وتارە، هەموومان بە خۆماندا بچینەوەو بەرژەوەندی کۆی حزبەکە، بخەینە سەرو بەرژەوەندی خۆمان و ئەوەمان بیرنەچێت، کە هەموومان یەك سەنگەر کۆی کردوینەتەوە، ئەویش سەنگەری زەحمەتکێشانە.... هەر هەوڵێکیش بۆ تێکشاندنی هاوڕێیەکی خۆمان، جگە لە رۆڵی ئاشوبو

ئاژاوە هیچی تر نییە، مەریوان سابیرو ئەو هاوڕێیانەش کە بەر هێرشی قسەی نا بابەتی کەوتوون لە دڵسۆزی و خۆشەویستیان کەم نابێتەوەو هەر پێشمەرگەو سیفەت پێشمەرگانە دەمێننەوە...

تکام لەوانەش هەیە کەلە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت وتاریان نوسیوەو دەنوسن، ئینتەرنێت نەکەنە سەنگەری تێکشکانی هاوڕێیان و حزبەکەیان، دەکرێت بوێرانە رەخنەی بابەتی لە حزب و سیاسەت و هەڵوێستەکانی بگرن، بەڵام ناکرێت سەنگەری تێکشکاندنو ناشرینکردن لە هاوڕێیانمان بگرین... هیواشم وایە دوای ئەو وتارە سەنگەرییش لەمن نەگرن، چونکە بیریان بێت، نوسین بەرپرسیارییەو دڵی کەسیش بەرد نییە.